

سەید ئەکرەم خالید

# سەید ئەکرەم لەزیندانەوە وەڵامی دەزگای پاراستن دەداتەوە

دانا ڕەزگەیی

سەید ئەکرم بەڕێوەبەری پێشووی ئاسایشی گومرگی ئیبراهیم خەلیل کە بەوتەی خۆی لەسەرەتای ئەم مانگەوە ڕفێندراوەو دەستبەسەرە، ڕاگەیاندراوەکەی دەزگای پاراستن ڕەتدەکاتەوە کە دۆسیەکەی بەکێشەیەکی مەدەنی ناوبردووە.

ئێوارەی ڕۆژی سێشەممە **1-11**، سەید ئەکرەم خالید بەڕێوەبەری پێشوی ئاسایشی گومرگی ئیبراهیم خەلیل، لەکاتی گەڕانەوەی بۆ ماڵەکەی لەدهۆك، ڕفێنراوەو دوای ماوەیەکی لەدیارنەمانی، ئاشکرابوو کە لەزاخۆ دەستبەسەرە.

سەید ئەکرەم، لەگرتووخانەی زاخۆوە بەهاوڵاتی وت "ئەوان کە منیان ڕفاند، وەکو ئەوەی کە تیرۆرستێك بگرن منیان عەزابدا".

لەڕاگەیاندراوێکیاندا، دەزگای پاراستن دۆسیەکەی ناوبراو بەتەنیا کێشەیەکی مەدەنی وەسف دەکەن.

لەبەرانبەردا، سەید ئەکرەم وتی "ئەوا ڕاست نییە، چونکە ئەو کەیسە کۆتایی پێهاتووەو دادگا کۆتایی بەکێشە مەدەنییەکە هێناوە، بەڵام دەستگیرکردنی ئێستام پەیوەندی بەبەرپرسێکی پارتییەوە هەیە کە دەیەوێت من بەتۆمەتی گەندەڵییەوە بکات، بەڵام خۆی دیارە چ کەسێکەو چیکردووە لەگومرگی ئیبراهیم خەلیل".

بەپێی زانیارییەکانی هاوڵاتی، دەستگیرکردنی سەید ئەکرەم، پەیوەندی بەو نوسینو دیمانانەوە هەیە کە ناوبراو لەماوەی ڕابردوودا قسەی لەسەر خودی پارتیو دەسەڵاتدارانی بادینان کردووە، هەروەها کتێبێکی ئەیوب بارزانی لەسەر شۆڕش بڵاوکردووەتەوەو خەڵکی بۆ خوێندنەوەی هانداوە.

لەدوای دەستگیرکردنیەوە، تائێستا چەندین کەمپین لەلایەن ڕۆژنامەنوسانو چالاکوانانی کۆمەڵی مەدەنیو مامۆستایانی زانکۆو ڕۆشنبیرانەوە بۆ ئازادکردنی پێکهێنراوە.

لەدواین زانیاریشدا، گروپی کەمپینی (ئازادی بۆ سەید ئەکرەم) ئاشکرایان کردووە کە ناوبراو دەستگیرنەکراوە، بەڵکو لەلایەن تیمێکی ئاسایش، بەسەرپەرشتی بەرپرسێکی پارتی ڕفێندراوە.